

# ئەخلاق

**محەمەد سەرابی**
**(سلێمانی)**

**دادگا:**

دادوەر دووجار چەکوشەکەی بە سەر مێزەکەی بەردەمیدا کێشا و وتی:
«دەتوانی بێ هیچ گوشارێک ڕووداوەکان وەک خۆی بگێڕیتەوە».

هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشاو لایەکم لە دایکم کردەوە، کزومات لە ناو قەفەزی تاوانبارییەکەدا دانیشتبوو، دەموچاوە سووتاوەکەی هێنابووەوەیەک و وەک ئەوەی بە چاوە نابیناکانی لە شتێکی نادیاری دەڕوانی کە ڕەنگە هەر لە خەیاڵیدا هەبووبێت، پەنجە چرچ و درێژەکانی لەیەکتر گیردەکردو بە دڵ گوێی بۆ هەر پێشهاتێ ڕادێرابوو، دووبارە هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشاو ڕووم کردە لیژنەی دادوەران:

«بەڕێز جەنابی دادوەر، من لێرەم تا ددان بە تاوانێکدا بنێم، تاوانێک کە دایکم ئەنجامی داوە. لێرەم تا ڕووداوگەلێک بگێڕمەوە کە بۆ نزیکی هەشت ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی من تەمەنم تەنیا دوازدە ساڵان بوو، کچێکی غەمگین و بێ ڕوح، لە ناو خێزانێکی پڕ کێشە و گرفتدا ژیانم بەڕێ دەکرد. لە ژێر دەستی باوکێکی بێ ڕەحم و جەلادئاسا کەم کەم گەورە دەبووم، باوکم پیاوێکی قوومارچی و موعتادی ماددە هۆشبەرەکان بوو، بە ڕۆژ خەریکی قوومارکردن و بە شەوانیش دەگەڕایەوەو لەناو ئەو دوو ژوورەی بووبووە دۆزەخێکی بچووکی من و دایکم، تلیاک و دەیان جۆری تری ماددە هۆشبەرەکانی دەکێشا، من و دایکیشم دەچووینە یەکێک لە ژوورەکان و دەرگامان لەسەر خۆمان دادەخست، ئەویش ژوورەکەی تری بە دووکەڵی جگەرە و تلیاک قانگ دەدا».

دادوەر قسەکانی پێ بڕیم و وتی:

«تکایە بڕۆنە سەر بابەتی سەرەکی...».

«بەڕێز جەنابی دادوەر، ئەوەی بابەتی سەرەکییە هەر ئەوەیە من باسی دەکەم، دەبێت ڕێگە بدەن لە سەرەتاوە تەواوی باسەکە ڕوون بکەمەوە، دەست بخەمە سەرتەواوی ئەندامانی جەستەی ئەم تاوانە. پێش ئەوەی ڕووداوەکە بگێڕمەوە، دەبێت سەرەتا هۆکارەکەی ڕوون بکەمەوە.

بەڕێز جەنابی دادوەر، باوکم یەکێک بوو لە توندوتیژترین ئەو پیاوانەی لە ژیانمدا بینیبووم. دەیان شەو لەو ژوورەی بە دووکەڵ قانگی دەدا، دەست و قاچەکانی دەبەستمەوە، پاشان وەک ئەسپێکی شەهوەت هەڵگرتوو خۆی دەکرد بە ژوورەکەی دایکمدا. دەیان شەو لە درزی دەرگاکەوە دەمڕوانی کە چۆن پەلاماری جەستەی دایکمی دەداو شێتانە لەگەڵی جووت دەبوو، دایکم لە ژێریدا دەینرکاند و ئەویش لەگەڵ هەر تەکانێکدا بە دەستەکانی توند دەیکێشا بە سمت و ڕانەکانیداو سادیستانە چێژی لە ئازاردانی دەبینی. ئەوەندە لەناو ئەو دووکەڵە خنکێنەرەدا بەستابوومییەوە، زۆربەی کات لەگەڵ کۆکەکانمدا خوێنم دەهێنایەوە.

ژیانمان لە ژێر دەسەڵاتی ئەو پیاوە بێ ڕەحمەدا بەو چەشنە بوو، بەیانی دەڕۆیشت بۆ قومارکردن و بە شەویش بەو حاڵەوە دەگەڕایەوە، هەموو ژیانی بووبووە ئەو قومارە نەفرەتییە. تەواوی ئەو زەوی و موڵکانەی بە میراتی بۆی مابووەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ لە قومارخانەکاندا دەیدۆڕاند، زۆربەی ئەو شەوانەی دەگەڕایەوەو پارەکانی دەدۆڕاند، وەک شێت بەو دوو ژوورەدا دەگەڕاو دەستی بەهەر شتێک بگەیشتایە هەڵیدەگرت و دەیکێشا بە دیوارەکەدا، دەیان شەو دایکم ئارامی لەبەر دەبڕاو لەگەڵیدا دەیکردە کێشەو گرفت، هاواری بەسەردا دەکردو دەیوت:

-تۆ کەی واز لەم قومارە نەفرەتییە دێنیت؟ تۆ کەی واز لەم تلیاک و تاعوونە دێنیت؟ تۆ کەی...

ئەویش وەک گایەکی شێتی لێدەهات و هەر شتێکی بەردەست بکەوتایە لە دایکمی دەگرت، زۆربەی شەو ئەگەر دایکم فریای داخستنی دەرگاکەی نەکەوتایە، دەیگرت و دەم و لووتی پڕ دەکرد لە خوێن، تا سەر سنووری مەرگی دەبردو لە خوێنی خۆیدا دەیگەوزاند.

بارودۆخمان تا دەهات خراپتر دەبوو، کەم کەم باوکم هەموو شتێکی دۆڕاند. ئەو کات ئیتر جەستەی لە بێ ماددەییدا دەلەرزی، لەو بارودۆخەشدا دایکم بووبووە تەرمێکی بێ ڕوح و ڕێی دەکرد. ئەوەی دەهات و دەچوو تەنیا جەستەیەکی بێ ڕوح بوو! تەنیا هەست و سۆزێک بە دەمارەکانیدا دەگەڕا کە خۆشەویستی من بوو، ئەگەرچی وەک ژنێک بووبووە پەیکەرێک لە بەرد، بەڵام وەک دایکێک لەڕادەبەدەر خۆشی دەویستم.

بەڵێ جەنابی دادوەر، ئەوە بارودۆخی ئێمە بوو، تا شەوێک ڕووداوێک پێش هات کە هەرگیز بیرم لێ نەدەکردەوە، کارەساتێک کە بەسەر من هات و بووە هۆی ڕوودانی کارەساتێکی تر».

کاتێک ئەو شەوە پڕ لە کارەساتەم بیرکەوتەوەو ویستم لەبارەیەوە بدوێم، خەریک بوو وشەکان لە گەروومدا دەخنکان، بەڵام دەبوو فرمانێکی گەورە بەجێ بگەیەنم و تەواوی ڕووداوەکە بگێڕمەوە، فرمانێک لە قووڵترین شوێنی وجوودی منەوە.

«شەوێک باوکم بە شپرزەییەوە خۆی کرد بە ژوورێدا و بێ ئەوەی هیچ بڵێت، دایکمی پەلکێشی ژوورەکەی کرد و دەرگاکەی لە دیوی دەرەوە لەسەر داخست و بەپەلە خۆی کردەوە بە دەرێدا، هەموو جەستەی شەڵاڵی عارەق بوو – و دەستەکانی دەلەرزی، بە پرتاو تاوم دا دەرگاکە و ویستم دەرگاکە بکەمەوە، بەڵام پێش ئەوەی فریا بکەوم، هەستم بە سێبەری باوکم کرد کە گەڕایەوە ژووری، بۆ ئێستێک جووڵەم لەبەر بڕا، تا ئەوەی بە ترسێکەوە لام کردەوە، بەڵام شتێکی چاوەڕوان نەکراوم بینی، نا جەنابی دادوەر، ئەم جارەیان باوکم نەبوو گەڕایەوە، بەڵکو پیاوێکی تر بوو».

دووبارە هەناسەکانم توند بوون و نەمتوانی بەردەوام بم، دادوەر بێ دەنگی دادگاکەی شکاند و وتی: «دەتوانی بەردەوام بیت؟».

بەڵێ جەنابی دادوەر.

لام کردەوە پیاوێکی چوار شانە لە ناو دەرگاکەدا وەستا بوو، سمێڵێکی سپی قەیتانی هەبوو کە هەموو سەر تاڵەکانی بە هۆی جگەرە کێشانەوە زەرد بووبوون، دوو چاوی ڕەش و قووڵی بریسکەداری هەبوو، هەموو گیانم ترسێکی قورس دایگرت، زارم بۆ نەکرایەوە، بەڵام بە ترسی چاوەکانم تێمگەیاندو پرسیم: کە کێیەو چی دەوێت؟.

دوو هەنگاو هاتە پێشەوەو وتی:
-مەترسە کچی جوان، من ئازارت نادەم، تەنیا چەند ساتێکی کورت دەبێت پێکەوەبین، قەرزێکی کەمە لای باوکت و دەبێت تۆ بیدەیتەوە.

لە مەبەستی تێ نەگەیشتم، تا ئەوەی خەریک بوو نزیک دەبووەوە، لە جێگەی خۆم نەمدەتوانی جووڵە بکەم. هاتبووە بەردەمم و خەریک بوو زاری لە ڕوخسارم نیزیک دەکردەوە، لە ناکاو زرمەیەک لە دەرگاکەی دایکمەوە هەستاو هەردووکمانی ڕاچڵەکاند، دەنگی دایکم بەرزبووەو هاواری کرد:
– نزیک نەبیتەوە لێی، هەی نەفرەتیییی!

دیاربوو دایکم لە درزی دەرگاکەوە دەیڕوانی، چاوە قووڵەکانی پیاوەکە نوقمی ئاگر و تووڕەیی بوون، ئەوسا ئیتر بە توندی پڕی پیاکردم و بە هەناسەیەک تەختی ئەرزەکەی کردم، گوێم لە دایکم بوو کە دەیکێشا بە دەرگاکەداو هاواری دەکرد، لە هیچ شتێک تێ نەدەگەیشتم، تا ئەوەی تەواوی جلکەکانی لەبەردا دادڕی و خۆی بەسەرمدادا. ئەو کات ئیتر نرکە و ناڵەی دایکم بەبیرکەوتەوەو زانیم مەسەلەکە چییە! چاوەکانم تا دەهات قورس دەبوون و خەریکبوو لەهۆش خۆم دەچووم، هاوارەکانی دایکم تا دەهات لە گوێمدا بەرەو کزی دەچوون، تا ئەوەی وەک تەرمێک ئاخر خاکەنازی خۆڵی بەسەردا بکەن، هەموو شتێکم لەبەرچاو تاریک بوو و لە هەموو شتێک بێ هۆش بووم».

بێ دەنگییەک تەواوی دادگای گرتەوە. ئێستێک تێپەڕی و کەس هیچ شتێکی نەوت، تا ئەوەی هەر خۆم دووبارە بێ دەنگییەکەم شکاندەوەو بەردەوام بووم:

«نازانم. ئیدی نازانم چی ڕووی دا، تا ئەو کاتەی کە بە هۆش هاتمەوەو بینیم کە دایکم بەسەر سەرمەوەیەو خەریکە دەگری، کاتێک بینی چاوەکانم کردووەتەوە، دەستێکی بەسەر ئەسرینەکانی سەر ڕوخساریدا هێناو بە هەنسکێکەوە لێی پرسم:
– باشیت؟

وەک شتێک نەیتوانی هیچ وشەیەکی تر دەرببڕێت، سەدان پرسیار لە مێشکمدا وەک کانییەک تەقینەوە، بەڵام نەمدەزانی چۆن و لە کێی بکەم؟ بەڕاستی دایکم ئەو کەسە بوو کە دەبوو وەڵامم بداتەوە؟ ویستم داوای کەمێک ئاو بکەم، بەڵام وەک ئەوەی زمانم لە دەممدا گرێدرابێت، هیچم بۆ نەوترا، دوای چەند ڕۆژێک ئیتر تێگەشتم کە زمانم شکاوەو ناتوانم هیچ بڵێم، ئیدی لەو شەوەوە بە درێژایی هەشت ساڵ من لاڵ بووم و نەمتوانی تەنانەت وشەیەکیش چییە دەرببڕم».

هەستم کرد خەریکە زمانم قورس دەبێت، گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە بۆ من وەک ئەوە وایە چەقۆیەک لە برینەکانمدا خەتم بکەم و بایدەم، بەڵام دەبوو بەردەوام بم، دەبوو کۆنترۆڵی خۆم بکەم و فرمانە گەورەی ناو وجوودم لەبیر نەکەم، جێبەجێکردنی ئەو فرمانە ئامانجی هەرە باڵای من بوو کە دەبوو فەرامۆشی نەکەم.

«کارەساتەکان لێرەوە دەستیان پێ کرد، بارودۆخێک هاتە پێش خۆزگەمان بەو شەوانە دەخواست کە باوکم ژوورەکانی قانگی دووکەڵ دەداو لە خوێنی خۆماندا دەیگەوزاندین.

دوو هەفتە بەسەر ئەو شەوەدا تێپەڕی، ئەوسا باوکم گەڕایەوە، کە بینیم لە دەرگاکە هاتە ژوورێ، چاوەکانم نوقمی تووڕەیی بوون و هەستم دەکرد خەریکە ئاگریان لێوە دێتەدەرێ، کە دەرگاکەی داخست و چاوی بەر چاوم کەوت، بۆ ماوەیەکی کورت وەستاو هیچی نەوت، سەرە کەچەڵەکەی لە ژێر ئاگربارانی ئەو ژوورەدا بریسکەی دەهات، تووکی لاجانەکانی کەمێک لە پێشتر درێژتربووبوون و خستبوویە پشت گوێیەکانی، هەنگاوی بەرەو ژوورەکەی دایکم ناو بێ ئەوەی سەیرم بکات بەدەم ڕۆیشتنەوە وتی:
– باش دەبیت، باش دەبیییییت و لەبیییری دەکەیت.

لە تەلیسمی چاو و شەرمەزار نەبوونی دەنگیدا، هەمیشە هەستم بە شتێکی سەیر دەکرد، هەستێک کە هەمیشە لە قووڵاییمدا هاواری دەکردو لەناومدا دەنگی دەدایەوە:
– نااا، ناکرێت ئەمە باوکم بێت!

چووە ژوورەکەی دایکم و لەبەر خۆیەوە دەستی کرد بە قسەکردن، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانی منەوە، دایکم هیچی نەوت، تەنانەت وشەیەکیش چییە دەری نەبڕی، یانیش ڕەنگە من گوێم لێ نەبووبێت، لە دەروونمدا هەستم بە شکست و داڕووخانێکی بێ ئەندازە دەکرد، تۆ بڵێیت لە هەمبەر تاوانێکی وادا، خودایەک نەبێت بێتە جواب؟ ئەستێرەیەک نەبێت لە تووڕەییدا بەربێتەوەو بە

توندی خـۆی بکێـشـیت بەم زەوییـە بەدفـەسـاڵەدا؟ قـیـامـەتێک نەبێت، هەستێت و هەمـوو شـتێک کـاول بکات؟تۆ بڵـێـیت تەنانەت دایکیـشم بێ دەنگی هەڵبـژێرێت و تاوانێکی وا پەردەپۆش بکات؟ سـەدان پرسـیـار و گـومـان وەک گـوێزان لەسـەرمـدا دەهاتن و دەچوون، نە زمـانێـک هەبوو پەیـیـان پێ بەرێ و نە هاوارێک هەبوو دەریانبڕێ.

کـات بەو جـۆرە دەچووە پێش، تاریکی هەمـوو شوێنێکی لەباوەش گرتبوو و ئاسمان نوقمی برووسکەی هەورەکـان بووبوو، باران تووڕە و بە لێزمـە دەباری، جـار ناجـارێک برووسکەیەک لەو پەنجـەرە بچـووکـەوەی دەیڕوانییە شار، ژوورەکـەی ڕووناک دەکردەوە، بە خۆمم دەوت؛ تۆ بڵـێـیت ئاسـمـان لەسەر من نیـیـە هاتووەتە جواب و نایەوێت دنیا نوقمی تۆفانی خۆی بکات؟

دوای نزیکی چەند خولەکێک، هەموو ئەوەی بە بیرمدا دەهات، ئاوەژوو بووەوە، بێ دەنگی هەمـوو شـوێنێکی ژوورەکەی تەنیبوو، نە دەنگێک لەو ژوورەوە دەهات کە من لە گۆشەیەکییەوە هەڵکوڕما بووم، نە دەنگێک لەو ژوورەی ئەوانی لێ بوون. گـومـانێکی پووچ بە سـەرمـدا تێـپـەڕی: بەڕاسـتی دەبێت لەوێ بن؟ ئەگـەر بەڕاسـتی لەوێن، بۆچی هیچ دەنگیان نایەت؟ تۆ بڵێیت چووبێتنە دەرەوەو من لە نوقمی خەیاڵەکانمدا بێ ئاگا بووبم؟ کەم کـەم دەسـتم بە دیوارەکـە گـرت و هەسـتـام، قـاچەکـانم دەلەرزین و توانایی هەنگاونانم نەبوو، کـاتێکی زۆری دەویست تـا هەنگاوێـک هەڵهـێـنم! لەگـەڵ هەر هەنگاوێکدا لە دەرگـاکە نزیک دەبوومەوە، ترسێک کە سەرتاپا جەستەی داگرتبووم زیاتر و زیاتر دەبوو، نازانم چەندی ویست و بە چەند هەنگاو گـەیشـتـمـە بەردەم دەرگـاکـە. دەسـتم دەلەرزی، تواناییم دایە بەرخـۆم و هەرچۆنێک بوو پاڵێکم بە دەرگاکەوە نا».

ئەگـەر دەرفـەتی ڕزگـاربوونم هەبوایە؛ ڕزگـاربوون لەو فەرمانەی دەبوو جێبەجێی بکەم، هەرگیز خواستی ئەوەم نەبوو ئەو دیمەنە بهـێنمـەوە پێش چاوم، لایەکم لە دایکم کردەوە، هەستم کرد خەریکە لێدانی دڵی خێراتر دەبێت، بەڵام دەبوو ئەوە بکەم، دەبوو سۆز و خۆشەویستی دایکم ڕێگر نەبێت لە وتنی ڕاسـتـیـیـەکـان، ئـیـدی هەر دەرئەنجامێکی هەبێت.

«جـیـڕەیەک لە دەرگـاکـەوە هات و پەردە لەسـەر شـانۆیەکی ترسناک لاچوو، بڕوام بە چاوەکـانم نەدەکـردو لەناو دەرگـاکـەدا جـووڵەم لێ بڕا! بـاوکم خـەڵتـانی خـوێن لەسـەر ئەرزەکـە کـەوتبـوو، چاوی زەق لە بنمـیـچی ژوورەکـەی دەڕوانی، لایەک لە هەناوی هاتبـووە دەرێ و چەقـۆیەک تا دەسکەکـەی لەسـەر دڵی خـەتم بووبوو، دایکیشم نوتقی لێ بڕابوو، پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو، تا مـەچەکی سـوور بووبوو لە خـوێندا و سـەراسـیـمـە لە تەرمـەکـەی دەڕوانی، کـەم کـەم خـەریک بوو ڕێچکە خوێنێک دەگەیشتە نێو دەرگاکە و ژێر پێم. هەنگاوێک هاتمە دواوەو لە ناکاو وەک ئەوەی قاچم لە ژێرما دەرکەن، لە ئاسمانەوە ڕمامە سەر ئەرزەکە.

تا نزیکی بەرەبەیانیش هەمـوو شـتـێک وەک خـۆی وابوو، تا ئەوەی دایکم هەسـتـاو دەسـتی بە شـاردنەوەی تەرمەکە کرد».

خـەریک بوو مـاندوو دەبووم، وەک شـتـێک یارمـەتیم بدات، یەکێ لە ئەنـدامـــانی لیـــژنەی دادوەران، بە ئاوازێکی پرسیارئامێز بەردەوامی بە قسەکانم دا:

«دوای ئەوەی نەتانزانی تەرمـەکە لە کـوێدا بشـارنەوە، بیـرتـان کـردەوە هەر لەهەمـان ژووری کـوشـتنەکـە، بن دیوارەکە هەڵکەنن و هەر لە وێدا تەرمەکە بنێژن؟»

« بەڵێ جەنابی دادوەر، بەو جۆرە بوو».

**سووتان:**

لەبیـرکـردنی ئەو ڕووداوانە بۆ ئـێـمـە ئەسـتـەم بوو، چون ژیانی شـەو و ڕۆژمـان لەو دوو ژوورەدا لەگـەڵ تەرمی شاراوەی باوکمدا بوو. ژیان چ ژیانێک؟ هەموو شەوێک لە دەنگی باوکم ڕادەچڵـەکـیم کـە هەسـتم دەکـرد لەو ژوورەوە بانگم دەکـات، دەنگێک کـە پاش تێـپـەڕینی چەندان سـاڵ، ئەوسـا بۆم دەرکـەوت ئەوە دەنگی باوکم نیـیـە، بەڵکو ئەوە دەنگێک بوو لە ناخی خـۆمـەوە بوو هەراسـانی کـردبووم، خـەو نەدەچووە چاوم و ئەو دەنگە بەخەبەری دەهێنام، دەمویست هاوار بکەم و ئەو دەنگە لە ناخم دەربڕم، بەڵام دەنگم دەبووە پەرداخێک سەهۆڵ و لە گەروومدا دەیبەست،دەگەڕایەوە بوونم و وەک سەدایەک لە وجوودمدا دەنگی دەدایەوە.

تێپەڕینی کات هیچ شتێکی نەدەگۆڕی، چەندان ساڵ تێپەڕی، بەڵام تا دەهات بارودۆخمان خراپتر و خراپتر دەبوو، ئەوەی لە هەمـوو شـتێکیش سەخـتـتر بوو، ئەو

ماڵەی کردبووە دۆزەخێکی بچووکی من، نەبیستنی هیچ دەنگێک بوو، نە لە خۆم، نە لە دایکم. ئاااهـ.. چ دۆزەخێکە کاتێک مرۆڤ ناخی دەبێتە کۆگایەک لە داخ و مەراق، کەچی هیچ زمانێک نییە پەی پێ بەرێ و هیچ گوێیەک نییە بۆی ڕادێرێ. لەسەرەتاوە دایکم زۆر کات لەبەرەخۆیەوە دەردی دڵی خۆیی بۆ دەکرد، بەڵام زۆری نەخایەند کە لەوەش بێزار بوو.

پاش ماوەیەک، تا دەهات هەڵسوکەوتی دایکم سەیر دەبوو، بەیانی دادەهات دەڕۆیشتە دەرێ و تا درەنگانی شەو نەدەگەڕایەوە! بەردەوام بە چاوەکانم لێم دەپرسی، بەڵام ئەو هەر خۆی دەبوارد و وەڵامی نەدەدامەوە. پاش تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر، ئەوسا بۆم دەرکەوت کە خەریکی لەشفرۆشییە، تەمەنی تا دەهات بەرەو سەرەوە دەڕۆیشت، ئەو ژنێک بوو بە ئەندازەی ساڵەکانی تەمەنی پیر نەبووبوو، بەڵکو هەر ساتێک و بە ئەندازەی ساڵێک پیریی زەفەری پێ بردبوو، هەر ساتێک و بە ئەندازەی دەیان ساڵ ئازاری ژیانی بە گەروودا دەڕۆیشتەخوارێ، بەردەوام لە هەوڵی پارە پەیداکردندا بوو تا ژیانێکی باشم بۆ دابین بکات، وەلێ لە کۆتاییدا تێگەشتم بە هۆێ پیری و ناشرینی سیمایەوە، خواستی زۆری لەسەر نییە، یان ئەوەشی هەبووە بە پارەیەکی زۆر کەم ئامادەییان هەبووە لەگەڵی جووت بن.

ماوەیەکی زۆر تێپەڕی، ئەوەی لە ژیانی ئێمە بەردەوام بوو، تەنیا سووتانی ئاگری ئەو دۆزەخە بوو کە تێی کەوتبووین. تەنیا دووبارەبوونەوەی بەدبەختییەکانمان بوو، ئەو دووبارە بوونەوەیەی هەموو شەوێک بە نەفرەتم دەکرد، بەڕاستی دەبێت شتێک هەبێت دۆزەخیتر لە دووبارەبوونەوەی بەدبەختییەکان؟ هەمیشە کە بیرم لە دۆزەخی خوداش دەکردەوە بە خۆمم دەوت؛ ئەوەی لە دۆزەخدا ئازاری دۆزەخییەکان دەدات سووتانی ئاور و جیاکردنەوەی گۆشت و ئێسقانیان نییە، بەڵکو ئەوە دووبارەبوونەوەی قەهر و ئازارەکانە کە مرۆڤەکانی ناوی دەکاتە خەڵووز، ئەوە دووبارەبوونەوەی ڕۆژەکانە مرۆڤەکانی ناوی دەکاتە یەک پارچە لە نائومێدی ڕەش.

ئەوەی بڵێسەی بەو دۆزەخە دا، گەڕانەوەی دایکم بوو لە ئێوارەیەکی درەنگدا، ئێوارەیەک کە تاریکی خۆی دەخزاندە هەموو کونوکەلەبەرێکەوە، کەم کەم خەریک بوو تاریکی هەموو شوێنێکی دەتەنی، دەنگی کردنەوەی دەرگاکە و پێوەدانی لە جێگەی خۆم ڕاپچەڵەکاندم، ئەوە لە مێژبوو دەنگی کردنەوەی دەرگاو پێوەدانی هەموو گیانمی دەلەرزاند، دایکم لە ناو دەرگاکەدا وەستابوو، سیمایم لە ناو تاریکییەکەدا بۆ نەدەناسرایەوە، ئەوەی دڵنیای کردمەوە جلک و باڵاکەی بوو، هەنگاوێک هاتە پێش و دووبارە وەستا، وەک ئەوەی نەتوانێ هەنگاوێکی تر بنێت، کەمێک لێی چوومە پێشەوەو سەرێکی بەرز کردەوەو سیمای کەوتە بەر ڕووناکی ژوورەکە، لە جێگەی خۆم جوولەم لێ بڕا، بڕوام بە چاوەکانی خۆم نەدەکرد، سەراپا دەموچاوی سووتا بوو، کێم و خوێن لە سیمای دەچۆڕا، لایەک لە دەموچاوی پێستەکەی داماڵا بوو، سیمای بووبووە یەک پارچە لە برین و خوێن، ویستی هەنگاوێکی تر بنێ و ڕمایە سەر ئەرزەکە، دەنگێک لە قووڵایی ناخمەوە هووروژمی هێناو لە زارمەوە دەرچوو:

«دااااایییییکەەەە».

وەک تەرمێکی لێ هات بە دەستمەوە، سینگ و بەرۆکیم ڕادەوەشاند و بەردەوام تکام لێ دەکرد وەڵامم بداتەوە! ئەوەندە بۆم سەختگیربوو کە زمان کرانەوەم هیچ سەرنجی ڕانەکێشام، بەڵام ئەوە سەرنجی تەواوی دایکمی ڕاکێشا، بەجۆرێک چاوەکانی لە دوو گۆم خوێندا هەڵبڕی و تێی ڕوانیم، وەک ئەوەی بیەوێ دڵنیابێتەوە، ساتێکی سەخت بوو، ساتێک کە من بە هۆی ئازاری ئەوەوە حاڵی خۆمم لە بیر کردبوو، ئەویش بە هۆی منەوە حاڵ و ئازاری خۆی، هەرچۆنێک بوو، ژێر باڵەکانیم گرت و ڕامکێشایە سەر جێگاکە، سەرینێکم خستە ژێر سەری و هەوڵم دا بێمەوە سەرخۆم! لە خۆمم پرسی کە دەبێت چی بکەم؟ ئەوەی بۆم کرا تەنیا هێنانی چەند پارچە خامەیەک بوو، ڕوخساریم لە خوێن و کێمەکەی پێ پاک کردەوە.

ئەو شەوە بە تەواوی دایکم بێهۆش بوو، تا نزیکی بەرەبەیان بەدەم ڕوانین لەو سیما سووتاوە ترسناکەوە، بەسەریدا دەگریام. تا ئەوەی لە هەموو شتێک ماندوو بووم و بەسەر لاشەی بێهۆش و ساردیدا خەو بردمییەوە. دوای ئەو شەوەش، دوو هەفتەی تەواو تێپەڕی، ئەوکات برینەکەی وشک بوو، توانی لەسەر پێیەکانی بوەستێ. تەواوی سیماشی گرژ بووبوو، هاتبووەوەیەک، بە جۆرێک کە بە ئەستەمیش توانایی داخستنی دەمی نەبوو، ئەو خواردنانەشی دەیخوارد، بە زۆری بێ جوین قووتی دەدا، چون بە جۆرێک پێستی سەر ڕوخساری هاتبووەوەیەک کە

بواری جوینی پارووەکانی نەدەدا.
چیرۆکی سووتانی دایکیشم هیچ نەبوو، جگە لەوەی دوو لە پیاوە لەشکرەکان ویستبوویان بێ پێدانی هیچ برە پارەیەک لەگەڵیدا جووت بن، کاتێکیش دایکم بەرهەڵستی کردبوو، ڕازی نەبووبوو، لە کاتی گەڕانەوەدا پێش ئەوەی پێ بخاتە ئەم دیو دەرگاکەوە، یەکێ لە پیاوەکان شووشەیە تێزاب دەڕژێنێ بە دەموچاویدا و بە خێراییش هەڵدێت، ئەوە هەموو چیرۆکی سووتانی ئەو ژنە بەدبەختەبوو کە دەیوست لە ڕێگەی جەستەیەوە پاروویەک بۆ خۆی و کچەکەی پەیدا بکات.

* * *

چوار مانگ بەسەر سووتانی دایکمدا تێپەڕی، بڕیارم دا ددان بە هەموو شتێکدا بنێم، تەنانەت ئەگەر ئەو بڕیارە دایکشم بەرێتە بەر پەتی سێدارە، یان هەر دەرئەنجامێکی تری هەبێت، بەڵام پێش ئەوەی دەرئەنجامی ددان پێدانانەکەم بگێڕمەوە، گرنگە نهێنییەکی شاراوە بگێڕمەوە کە سێ مانگ پێش ئەو کارەساتی سووتانەی دایکم بۆی ئاشکراکردم.

**من کێم؟:**

سێ مانگ پێش ئەوەی دایکم بە سووتاوی بگەڕێتەوە، ڕۆژێکی باراناوی، بێ ئەوەی پێم بڵێ بۆ کوێ، لەگەڵ خۆی بردمییە دەرەوەی شار بۆ گۆڕستانێک کە ئەوە یەکەمین جارم بوو ببینم، ئەوەش شتێکی ئاسایی بوو، چونکە زۆربەی ژیانی من وەک زیندانییەک تەنیا لەو دوو ژوورەدا بوو، بەناو گۆڕەکاندا دەڕۆیشت و منیش بێ ئەوەی توانایییم هەبێ لێی بپرسم، بێ دەنگ دوای هەنگاوەکانی کەوتبووم. دواجار لەسەر گۆڕێک کە کەوتبووە ئەوپەڕی گۆڕستانەکەوە وەستا، گۆڕێک کە تەنیا کێلەکەی لەناو ئەو چڵ و چێوەی داپۆشیبوو، دیارمابوو، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە زۆر دەمێک بوو کەس نەهاتبووە سەری و کەس نەبوو کەمێک خزمەتی بکات، کەس نەبوو کەمێک پاکی بکاتەوە و گوڵێکی لەسەر دابنێ و کەمێک ئەسرینی لەسەر بڕێژێ، چ ئەستەمێکە مرۆڤ گۆڕەکەشی تەنیا و بێ ناز بمێنێتەوە.
کاتێک دایکم سەیری کردم، بڕۆکانم لە شێوەی پرسیار هێناوەیەک تێم گەیاند کە ئەمە گۆڕی کێیە و مەبەستی هاتنمان بۆ سەری چییە؟ دەستی کردە سەر کێلەکەی و وەک ئەوەی ددان بە گوناهێکدا بنێ، ڕستەیەکی لە دەم ترازا:
«ئەمە گۆڕی باوکتە!»
بۆ ئێستێک بێ دەنگ بوو، ئێستێک کە تەواوی ژیانی ئەو چەند ساڵەم لەو دوو ژوورەدا هاتەوە پێش چاو، تەواوی دیمەنی کوشتن و شاردنەوەی باوکم بەخێرایی بە بەرچاودا ڕابرد.
«ئەمە گۆڕی باوکتە، مێردی من و باوکی ڕاستەقینەی تۆ، ئەو کاتەی من بە تۆوە دووگیان بووم، ئەو بۆ هەتاهەتایە جێی هێشتین، یان ڕاستتر بڵێم ئەویان کوشت، لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا ئەویان کوشت. هێشتا دەنگی دەرگاکەم لە گوێدا ماوە کاتێک گەڕایەوە، بەڵام ماوەیەک ڕابرد و هەرنەهاتە ژوورێ، دواجار گومانم برد کە ئەوە باوکت بووبێت، هەربۆیە هەستام و چووم بەدەم دەنگی دەرگاکەوە، بینیم دەرگاکە کراوەتەوە و پیاوێکیش لەناو دەرگاکەدا کەوتووە، کاتێک بە ترسەوە نزیک بوومەوە بینیم باوکتە، باوکی ڕاستەقینەی تۆ، دیار بوو لە کاتی گەڕانەوەدا پێش ئەوەی پێ بخاتە ئەم دیو دەرگاکەوە، لە دواوە چوار چەقۆیان خەتمی سکی کردبوو، پێش ئەوەی بگەمە سەری، لەناو خوێنی خۆیدا گەوزابوو- هەر زوو گیانی دەرچووبوو. دەستی خستبووە سەر شوێنی چەقۆکان کە لایەک لە ڕیخۆڵەکانی لێوە هاتبووە دەرێ».
ئیدی وشەکان بەسەر لێویەوە بەستی و نەیتوانی بەردەوام بێت، سەرم بووە کانگایەک لە پرسیاری بێ وەڵام، بۆ ئێستێک چەند پرسیارێک لە سەرمدا، هەستم دەکرد وەک گوێزانێکی تیژ دەمبڕێ: من کێم؟ لەم شارەدا چیم و منداڵی کێم؟ بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە چی بەو ژن و پیاوەوە گرێی داوم؟
بە دەست پێکردنەوەی قسەکانی، لە پرسیارەکانم دابڕیم، بینیم دوو هانگاو چووەتە ئەولاتر و چەند لاسکێکی لە چڵی سەر گۆڕەکە گرتووە.
«ئەو بوو کوشتبووی، ئەو نەفرەتی موعتاتە، دوو هەفتە بەسەر مەرگی باوکتدا تێنەپەڕی، سەروسیما نەفرەتییەکەی دەرکەوت، شەیتانێک لە بەرگی فریشتەدا وەک جادووگەرێکی فێڵاوی خۆی خزاندە ژیانمەوە، من بە تۆوە دووگیان بووم و تەنیایی تەنگی پێ هەڵچنیبووم. لەو بارودۆخە قورسەی تێی کەوتبووم، ئەوم وەک

فـریادڕەسـێک بینی کـە خـودا ناردوویەتی! نەمـزانی، نەمزانی ئەو قـومـارچییـە نەفـرەتییـە هەرخـۆی باوکـتی کـوشـتـووە و نەخـشـەی بۆ هەمـوو شـتـێکیش کـێشـاوە، ناچاربووم بە سەیرکردنی حاڵ و تەنیاییم بڕوام بە سیما فـریشـتـەییـەکـەی هێنا، بەڵام هەمـوو چەند مـانگ تێنەپەڕی، ڕووی ڕاسـتـەقینەی شەیتـانیم بۆ دەرکـەوت، ئەوکاتیش ئیتر هەموو شتێک درەنگ بوو، ساتێک بوو، تەنانەت لە خوداش نائومێد بووبووم هانای بۆ بەرم».

دوای ئێسـتێک لەوەسـتـان، سەرێکی هەڵبڕی و چاوی لە چاوم بڕی. ئەوە یەکەم جارم بوو بەو ئەندازەیە هەست بە سیمای خەماوی و تێکشاوی بکەم.

«ببەخشە، ببەخشە کچی خۆم، هەموو شتێکم لەبەر تۆ کرد، پێم وابوو شاردنەوەی ئەو نهێنییە باشترین کارێکە بیکەم، پێم وابوو ئەو قـومـارچییـە نەفـرەتییـە جێگەی باوکت دەگرێتەوە، بەڵام ئێستا کە هیچ شتێک نەماوە لە دەسـتی بدەین، کـەواتە هۆکـاریش نەمـاوە بۆ شـاردنەوەی ئەم نهێنییە».

ڕوانینم لە سـیمـایەوە گـواسـتـەوە سەر گـۆڕەکە، بیرم لەو تەرمە کردەوە کە لە گۆڕەکەدا ڕاکشاوە، ئەوە هەستێک بوو، یەکـەمین جـارم بوو هەسـتی پێ بکەم! لە خـۆمم پرسی: تۆ بڵێیت سیمای باوکم چۆن چۆنی بێت؟!

**لە سێدارەدان:**

هەفـتـەیەک بەسـەر بڕیاری دادگـا تێپـەڕی؛ (بڕیاری لە سێدارەدان).

هەمـوو شـوێنێک بە ئەفـسـەرەکـان تەنرابوون، ئاپۆرای خـەڵکی دەوری شـوێنی لە سـێـدارەدانەکـەیان گـرتبـوو، هەمـوو چاوەڕوانی هاتنی تاوانبـارەکـەیان دەکـرد و لە چاوەڕوانی لە سـێـدارەدانەکـەدا وەسـتـابوون، هەر ماشێنێک دەهات خەڵکی وایاندەزانی ماشێنی هێنانی تاوانبـارەکـەیە و دەکـەوتنە جـمـوجـووڵ، ئەوە زۆر سەیرە،نازانم خەڵکی ئەم وڵاتە بۆ ئەوەندە چێژ لە مردن، لە لەسێدارەدان، لە کوشتن و بریندارکردنی یەکتر دەبینن، ڕەنگە لە سیمایاندا وا دیاربێت کە ئەسەفی بۆ دەخۆن، بەڵام من لە ناخی هەر یەکێکیاندا درکم بە بوونەوەرێک دەکرد بێ ئەندازە چێژی لەو لە سێدارەدانە دەبینی.

هەمـوو شـتـێک ئامـادەکـرابوو، سـڵـێنگی لە سـێـدارەدانەکـە ئامـادە بوو، پەتی لەسـێـدارەدانەکـەی شۆڕکـرابووەوە سەر مـاشێنێک و کـورسییـەکیش لەسـەر ماشێنەکە دانرابوو، یەکێک لە قازییەکانی دادگا، بڕیاری لە سێدارەدانەکەی بەدەستەوە بوو، ئەویش وەک هەمووان چاوەڕێی هێنانی تاوانبارەکە بوو.

لە کۆتاییدا گەیشت، ئەو ماشێنەی هەمووان چاوەڕێی بوون گـەیشت، مـاشـێنێک کـە تایبـەت بە هێنانی تاوانبـاران بوو، بەناو ئاپۆرای خەڵکەکـەدا تێپـەڕی و لە تەنیـشت سـڵـێنگی لە سـێـدارەدانەکـەوە ڕاوەسـتـا، چوار ئەفـسـەر لە مـاشـێنەکـە دابەزین، دیار بوو یەکێ لە ئەفسەرەکان پلەیەکی بەرزی هەبوو، سەیرێکی قازی کرد، جەنابی قازی بە ئارامی سەرێکی نزم کردەوە کە نیشانەی فـەرمـاندان بوو بەوەی دایبـەزێنن، ئەوسا ئیـتـر دووان لە ئەفـسـەرەکان کـە یەکی دەمامکێکی ڕەشیـان پۆشیـبوو، دەرگای ماشێنەکەیان کردەوە، بێ دەنگی تەواوی ئاپۆرای خەڵکەکەی گرتبووەوە، هەمووان چاوەڕێی جێبەجێکردنی بڕیارەکـە بوون، دوو لە ئەفـسـەرەکـان بە هێـواشی ژێر باڵـەکـانیـان گـرت و دایانبـەزاند، کـەلەپچـەیەک لە دوو دەست و قـاچەکانی بە زنجیرێک بەسـترابووەوە کە تەنیا بواری هەنگاونانێکی کـورتی دەدا، ڕووپۆشـێکی تایبـەتیـان کـردبووە سـەری کـە تەواوی ڕوخـسـارە سووتاوەکەی داپۆشیبوو، بەڵام من دەمبینی، تەنانەت لە ژێر ئەو ڕووپۆشەیشـەوە ڕوخسـاری هەڵقرچاویم دەبینی، دەمـوچاوێکی گـرژ، دوو چاو لەناو دوو کـوتە گـۆشـتی سووتاودا، پێستی دەموچاوی بە جۆرێک چووبووەوە یەک کە هەرگیز دەمی بۆ دانەدەخرا و هەمیـشـە ددانە زەرد و ڕزیوەکانی بەدەرەوە بوو.

پاش ئەوەی دوو ئەفـسـەرەکـە سـەریان خـسـتـە سـەر ماشێنەکە، زنجیـرەکەیان لە قـاچ کردەوە، کەلەپچـەکەی دەسـتیـان کردەوەو لە دواوە کەلەپچـەیان کـردەوە دەست، تەواوی ئاپۆرای خـەڵکەکـە چاویان لەسـەر ئەو ئەفـسـەرە بوو کـە دەسـتی برد ڕووپۆشـەکـەی لەسـەر لابەرێ، وەک ئەوەی پـەردە لەسـەر پـەیـکـەرێـک لابـەرێ، یەکێ لە ئەفسەرەکان ڕووپۆشەکەی لەسەر کردەوە، بۆ ئێستێک بێ دەنگی تەواوی ئاپۆرای خـەڵکەکـەی گـرتەوە، بەڵام ئەو وەک باڵـندەیەکی ناو قـەفـەز سـەری بە هەمـوو لایەکـدا دەسووڕاند و هیـچی نەدەبینی، کەم کەم هەمووان کەوتنە جووڵەو قسە و باس لەناو خۆیاندا، هەر یەکەو لە ئاستی خۆی شتێکی لەبەر خۆیەوە دەوت: «دیارە ئەم دوو جقڵ

ئێسقانە موعتاد بووە»، «بەو ڕوخسارە شەیتانییەی دیارە ئەهلی خراپە و فاحیشە بووە»، «ئەمە چ پەندێکە خودا بە ئێمەی نیشان دەدات». هەر یەکەو بە چەشنێک لە سیمای سووتاوی دایکمەوە حوکمیان دەدا، هەموان سیمای سووتاو و هەڵقرچاویان دەبینی، وەلێ کەسیان ناخ و دەروونی هەڵکڕووزاویان هەست پێ نەدەکرد، ناخێک کە بووبووە خەڵووز؛ خەڵووزێک کە وەک زیو لە دیدی مندا دەبریسکایەوە.

جەنابی قازی چاویلکەیەکی دەرکرد و کردییە سەر لووتی، پاشان دەستێکی بەرز کردەوە کە نیشانەی داواکردن بوو لە خەڵکەکە کە بێ دەنگ بن، هەموان چاویان بڕیبە جەنابی قازی بڕیارەکە بخوێنێتەوە، بەڵام ئەوان، ئەو ئاپۆرایەی خەڵکی تەنیا بۆ جێبەجێکردنی یاسا و حوکم و دادوەری لەوێ نەبوون، نا، بەڵکو ئەوان بۆ ڕوانین لە پەلەقاژەی مرۆڤێک لەوێ بوون، تا ببینن چۆن مەرگ چنگ لە قورگی پیرێژنێک دەنێت و هەناسە ساردەکانی ژیانی دەبڕێت.

جەنابی قازی گەیشتە کۆتایی خوێندنەوەی حوکمەکە: «بۆیە بە بڕیاری دادگا، تاوانبار بە هۆی تاوانی کوشتنی مێردەکەیەوەو شاردنەوەی بۆ ماوەی هەشت ساڵ و شەش مانگ، لە لایەن دادگای باڵاوە حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا».

چاوەکانم قەتیسی ئەسرین بوون، دڵم وەک کوانوویەک لە ئاگر بۆ ڕوخساری غەمگینی دەسوتا، هەستم دەکرد کە خەریکە لە ناخەوە لەگەڵ خۆم بەشەڕ دێم، دوو بوونەوەر لە ناخمدا دەستیان کردبووە گەردنی یەکتر، یەکیان ئاسوودە و کامەران، ئەوی تریان ڕق و تووڕەیی لێ دەباری، هەستی کچێنیم نەفرەتی لێ دەکردم و پێی دەوتم: «تۆ چ ئاژەڵێکی دڵ ڕەقیت کە بوویتە هۆی ئەوەی دایکت بخەیتە بەر پەتی سێدارە؟ پێم بڵێ تۆ چ ئاژەڵێکی، چ ئاژەڵێک؟». ئەوی تریان بە دەنگێکی تێکەڵ لە ئارام و ئاسوودەیی پێی دەوتم: «نەفرەتی مرۆڤ لەوێوە دەست پێدەکات کە بەخوێن بە هەندێ کەسەوە دەبەسترێتەوە، مرۆڤ ئەو کاتە مرۆڤە کە خوێن و ڕەگەزی ئەوانی تر تێپەڕێنێ و بتوانێ وەک بوونەوەرێکی ڕەها بڕیار لەسەر کردەکانی بدات، لێرەوە مرۆڤ هەرگیز پێویستی بە دوو مرۆڤی تر نییە تا لە دایک ببێت، بەڵکو مرۆڤ لە کردەکانییەوە دێتە بوون».

یەکێ لە ئەفسەرەکان لەسەر کورسییەکە ڕاگیری کرد و ئەوی تریان دەستی برد و پەتەکەی خستە گەردنی، لەگەڵ کەمێک ڕاکێشانیدا لەگەردنی توند کرد، ساتێکی سامناک و خەمهێن بوو، قاچە باریکەکانی کە تەنیا پێستێکی تەنک بوو بەسەر دوو جقڵ ئێسقانەوە سەنگین لەسەر کورسییەکە ڕاگیرکردبوون، کەم کەم خەریک بوو ماشێنەکە دەجوولا، بەڕاستی ئەوە چرکەساتێک بوو، ساتی مەرگی کەسێک، یان لە دایکبوون و پاکبوونەوەی کەسێکی تاوانبار؟ ماشێنەکە تێپەڕی و پەتەکە بە تەواوی لە گەردنی توند بوو، پەنجەکانم توند کرد بەناویەکداو ڕوخسارم بووە جۆگەلەیەک لە ئەسرین. بە ئاسمانەوە قاچەکانی پەلەقاژەیان بوو، هەموان بەنەفرەتیان دەکرد و قێزیان لە ڕوخساری سووتاوی دەکردەوە، کەس وەک خۆی، وەک من نەیاندەبینی. هەستم دەکرد پەیتا پەیتا فریشتەی سپی سپی دێن و ڕوحی بەرز دەکەنەوە بۆ بەرزەخی فریشتەکان. ئەو فریشتانەی سەرتاپا لە یەک پارچە نوور دروست بوون. کەم کەم قاچەکانی لە جووڵە کەوتن، کاتێک فریشتەکان ڕوحی پاکیان لە جەستە و ئاپۆرای خەڵکەکە بەرزکردەوە، تەنیا لاشەیەکی سارد و لاواز بە تەنافی سێدارەکەوە مایەوە، هێندە لاواز کە هەستم دەکرد کزەی بایەکە خەریکە لاشەکەی وەک جلکێکی تەنک بە تەنافێکەوە دەشەکێنێتەوە، دوای گیاندەرچوون و کۆتایی لە سێدارەدانەکەش، هەموان وەک ئەوەی لەسەر خوانێکی چەور تێربووبن، وەک ئەوەی بوونەوەرەکەی ناخیان لە چێژی ئەو مەرگە خەمهێنە غەریزەی دامرکابێتەوە، پەیتا پەیتا کووچەکەیان چۆڵ دەکرد، تا ئەوەی مایەوە من بووم لە کووچە ساردوسڕەکەدا تەرمێکی بێ ناز و نووستوو لەو شاقەمە بێ ڕەحمەدا.

* * *

شەو ڕاشکا، لە پەنجەرە بچووکەکەوە دەمڕوانی ئاسمانی پڕ ئەستێرە زەوی لە ئامێز گرتبوو، چاوەکانم لە ناو دوو گۆم ئەسریندا خەو بردبووەوە، ئەوەی یەکەمین شەو بوو بتوانم بەو ئەندازەیە بەختەوارانە بنووم!

**سلێمانی - ٢٠١٦**